دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی: لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنین لە وادەی خۆیدا

لەپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنەکانی یەکێتی رایگەیاند، حزبەکەی لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە و نایەوێت دوابخرێت.

رزگار حاجی حەمە لەپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنەکانی یەکێتی لەڵدوانێکی رۆژنامەوانیدا بۆاویکردەوە، "یەکێتی لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە لەو ماوەیەی کە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق دیاریکراوە و لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بریاری لەسەردراوەو واژۆکراوە کە رۆژی 10ی حوزەیرانی 2024".

راشیگەیاند، "یەکێتی بەهەچ شێوەیەك لەگەڵ دواخستنی وادەی هەڵبژاردنەکان نیە و پێشمان خۆشە هەمو هێزولایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشداری لەهەڵبژاردنەکەدا بکەن".